گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

**E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036**
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/51wmz353

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/12/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 01/02/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# چالاکیی ئاواکاری سەرکردەو کەسایەتییە عەرەبەکان لە ناوچە کوردنشینەکان لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا

**زرار صدیق تۆفیق[١] - طه رجب حمد[٢]**

zrar.stawfiq@uod.ac - taha.hartaly@uor.edu.krd

[٢+١] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی دهۆك، دهۆك، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

دیارە یەکێك لە لێکەوتەکانی بڵاوبونەوەو نیشـــتەجێبونی عەرەب لە ناوچەو هەرێمە کوردنشـــینەکان، بریتیبوە لە گۆڕانکاری لە بواری ئاواکاری و ناوی گوند، شارەو هەرێمەکان لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك خراوەتەسەر دەربارەی ئەو شـار و قەڵا و کۆشـك و ئاوەدانییانەیە، کە لەلایەن سـەرکردە و کەسـایەتییە عەرەبەکانەوە بنیاتنراون و بۆ خۆیان وەك ناوەندی نیشـتەجێبون بەکاریانهێناون، کە لە کاتی پرۆسـەی فتوحانی ئیسـلامییەوە تا کۆتایی سـەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی درێژەی کێشاوە و لە ڕاستییدا، بەرپرس و کەسە دەوڵەمەندەکانی عەرەب لە ماوەی ئەم چوار سەدەیەدا، کە هاتوونەتە ناوچەو هەرێمە کوردشینەکان، ژمارەیەك شوێنیان ئاودانکردەوە و بەناوی خۆیانەوە ناسران، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك قەڵا و شورا و گوندیشیان بنیاتناون.

ئەم توێژینەوەیە، بەگوێرەی ئەو زانیاری و هەواڵانەی، کە وا لە ســـەرچاوە مێژویی و جوگرافییەکان هاتوە، لەم بابەتە کۆڵدراوەتەوە و یەکە یەکەی ئەو شـــوێنانەی ناســـێندراون و هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژوی ئاوەدانکردنەوەی دیاریکراوە، سەرباری ناساندنی کەسانی بنیاتنەر.

**کلیلیە وشەکان:** سەرکردە عەرەبەکان، ئاواکاری، ناوچە کوردنشینەکان.

# Characters in Kurds Residential Areas During First Four Decade of Hijra

**Zirar sdiq tofiq[1] - Taha Rajab Hamad[2]**

[1+2]History Department, College of Humanities, University of Duhok, Duhok, Kurdistan Regin, Iraq.

## Abstract

This research is about cities, citadels, castles and settlements that have been build by the Arabs from the beginning of Islamic conquest to the end fourth decade of Hijra. In fact, during these four decades, some Arab administrators and wealthy persons reconstructed a number of areas that later known by their names

In this research, the topic has been researched according to the written historic and geographic information and data, each of the recognized territories, their geographic position and historical reconstruction has been identified. In addition of identifying the reconstructors.

**Keywords**: Arab leaders, reconstruction, kurds residential areas.

## پێشەکی:

لەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشـــانی بڵاوبونەوەو نیشـــتەجێبونی هۆز و بنەماڵەکانی عەرەب لە ناوچە کوردنشـــینەکان تەرخانکراوە، بۆ ئاخافتن لەسـەر چالاکیی ئاوەدانکردنەوەی ئەو عەرەبانەی لە ناوچە کوردنشـینەکان نیشـتەجێبون، کە بەهۆکار و پاڵنەری هەمەجۆر هەڵسـاـان بە نۆژەنکردنەوە و دیواربەندکرنی چەند ئاوەدانییەك، کە لە ســەردەمی پێش ئیسلام هەبون و لە ئاکامی فەتحی ئیسلامی چۆلکران یان وێرانکران، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك قەڵا و شورا و کۆشك و گوند و پردیان بنیاتنا، کە چ لە ڕوی سـەربازی و لەشـکرییەوە و چ لە ڕوی ئابوری و هاتنوچونەوە کەڵکیان لێوەرگیرا و زۆربەی ئەم شوێنانەش زیاتر بە ناوی ئەو کەسانەوە ناودەنران، کە دەستیان بەسەردا گرتبو و ئاوەدانیان دەکردنەوە.

پاشان بەشێك لەم ئاوەدانیانە کوێربونەوە و شوێنەواریان وەك ئاوەدنییەك نەمانەوە، بەڵام بەشێکیتریان گەشەیان کردو فراوانبون و بە ئاوەدانی مانەوە و تا ئێستەش هەر ئاوەدانن و بە هەمان ناوەوەو دەناسرێن.

یەکێك لە لێکەوتەکانی بڵاوبونەوەو و نیشـــتەجێبونی عەرەب لەهەرێم و ناوچە کوردنشـــینەکان بریتییە لە دروســـتکردن و ئاواکاری شـــارەکان، کە ئەوەش زیاتر لەلایەن خەلیفە و ســـەرکردەو کەســـایەتیە عەرەبەکانی عەرەب جێبەجێکراوە و هەندێك جار موڵکی خۆیان بوە، هەندێك جاریش بونەتە موڵکی گشـــتی خیلافەت، ئەم بابەتە لەم چەند نمونەی خوارەوە زیاتر بەدیاردەکەوێت، کە خۆی لە ئاماژەدان بە بنیاتنان و ئاواکاری چەندین شـــار لە هەرێمە کوردنشینەکان دەبینێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەم تیشك دەخەینە سەر ئاوەدانکردنەوەی قەڵا و گوند و شار و لە هەرێمە جیاوازەکان چەندین نمونەیان دەخەینەڕو، لە نمونەی قەڵای نسیر و قەڵای حەسەنی کوڕی عەلی وجەزیرەی کوردان (ابن عمر) و شاری حەسەنییەو چەندین شوێنی تر، هەروەها لە تەوەری دوەم باسی ئەو کۆشك و تەلارانە دەکەین کە لەلایەن کەسایەتییە عەرەبەکان لە هەرێمە کوردنشینەکان بنیاتنراون لەنمونەی کۆشکی (کثیر)، کۆشکی عەمر (قصر_عمرو)، کۆشکی عەتیق (القصر_العتیق)، لە تەوەری سێیەم باسی گۆڕینی ناوی چەند شوێنێکی کوردستان دەکەین کە لەلایەن عەرەبەکانەوە ئەنجامدراوە لە نمونەی ناوی شاری (میا فارقین)، (البندنجین) و کرماشان و چەند شوێنێکی دی.

### تەوەری یەکەم: ئاوەدانکردنەوەی قەڵاو شورا و شار:

ئەو فەرماندە سەربازی و سەرۆك هۆزە عەرەبانەی، کە لەدەمی فەتحکردنی کوردستانەوە، تا سەدەکانی پاشتر، ڕابون بە بنیاتنانی ژمارەیەك قەڵا و شورا و دیواربەند، لەسەرجەم هەرێمە فەتحکراوەکان، لەوانەش ناوچەکوردنشینەکان، دیارە ئەم کارەشیان بە پلەیەك بۆ ئەوەبو، تا بیکەنە بنکەیەکی سەربازی پتەو، تا هەم بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن لەدژی نەیارانیان و داکۆکی بکەن لەپێگەکانی دەولەتی ئیسلامی، هەروەها بەکارهێنانی ئەم قەڵاو شورایانە وەك بنکەیەکی سەرەکی بو بۆ درێژەدان بە پەلهاویشتن بۆ ناوچەکانی دەوروبەر، جاری واش هەبو، دەمێك قەڵاو بنکەیەکی کۆنی دەوڵەتی ساسانییان دەگرت و دەیانکردە بارەگاو بەناوی ئەو سەرکردانەوە دەناسرا، کە دەستیان بەسەردا دەگرت، پاش کۆتاییهاتنی پرۆسەکانی فەتحی ئیسلامی، ژمارەیەکیان هەر بە ئاوەدانی مانەوە و وەك شارۆچکەیان لێهات و جوگرافیاوان و گەڕیدەکانی سەدەی سێهەم وچوارەمی کۆچی سەردانیان کردون و پێناسەییەکی کورتیان لەبارەیەوە داوە بەدەستەوەو پێگەی جوگرافی و دوریان لە شارەکانی دەوروبەرییەوە خستۆتە ڕو، دیارە لەگەڵ ئەوەی دروستکردنی شار و گوند بە یەکێك لە لێکەوتەکانی نیشتەجێبونی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکان دادەندرێت، بەڵام لە لایەکی تر ئەم پرۆسەیە ئەنجامی تری لێکەوتۆتەوە، کە تایبەت بوە و بە فراوانکردنی سنوری ئەو شارو قەڵایانەی بنیاتیان ناون، ئەم شارو ئاوەدانیانەیان ناساندوە و چۆنییەتی دروستکردن و پێکهاتەی تەواوی شارەکەیان خستۆتەڕو ئەوە جگەلەوەی تەواوی ئەم گوندو ئاوەدانیانەی کە لە نزیك ئەم ناوچەیە هەبون باسیان کردون و تیشکیان خستۆتە سەر دوری نێوانیان و لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەم ناوچانەشیان خستۆتەڕو، بۆ نمونە، دەمێك دەسەڵاتدارانی عەباسی، لە سەردەمی خەلیفە(الأمین 193-198ك/809-814ز)، لە ناوچەییەکی نێوان هەمەدان و دینەوەری سەر بە هەرێمی چیا شاری سیسەریان بنیاتناو دواتر چەند ناوچەیەکیان خستە سەر، کە تایبەت بەو شوێنەیان کردو لە وانەش: ڕستاق[i] واتە گوندەواری ماینهرجیان خستە سەر(یاقوت الحموی، 1995: 3/297).

### 1. قەڵای ماذران(قلعة النسیر):

سەبارەت بە قەڵای ماذران(قلعة النسیر)، قەڵایەکی کۆنی سەردەمی ساسانی(226-651ز) بو، گەڕیدەکان ناویان بە چەند شێوەیەك هێناوە وەك ماذران(ابن خرداذبة، 1889: 42؛ الاصطخري، 2004: 42)، و ماذورستان یان مادورستان بە گوتەی (یاقوت الحموي)، کە لە حەمزەی ئەصفەهانی(م:360ك/971ز)، وەرگرتوە و بە داخەوە کتێبەکەی حەمزە نەماوە، ناوی بنەڕەتی قەڵاکە کسماداران بوە و بە عەرەبی کراوە بۆ ماذران(یاقوت الحموی،1995: 5/33)، هەروەها (الحازمي م:584ك/1187ز)، کە هەر چەند، خەلکی ناوچەکەیە، بەڵام بە شێوەییەکی گشتی و ناورد جێگەکەی دەستنیشان کردوە و دەڵێت" **دەکەوێتە نێوان بەغداو کرماشانەوە**"(الحازمي، 1415: 842) ، لە ڕاستیدا

دەکەوتە ســـەر ڕێگای نێوان حلوان و هەمەدان، بە دوری یەك قۆناغە ڕێ لە (مرج القلعة) (القطيعي، 1412: 1218/3)[ii]، و سێ قۆناغەڕێ لە نەهاوەند، هەروەها چوار قۆناغ لە (قصر_اللصوص) دورە ((ابن خرداذبة، 1889: 42؛ قدامة بن جعفر، 1981: 127)، دواتر ئەم قەڵایە وەك شارۆچکەیەکی لێهاتوە(الادريسي 1409هـ:672/2).

لە ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسـلامی و لە ڕیگای چونی لەشـکری موسـوڵمانان بۆ شـەڕی نەهاوەند(21ك/642ز)، سەرکردە(النسير بن ثور العجلي)، بە کۆمەڵێك جەنگاوەری هەردو هۆزی (عجل و حنيفة)، لەم قەڵایە سەنگەری گرت و کردیە پایەگای خۆی و ناوی قەڵاکەش بە (قلعة النسـير) ناسرا.(ابن حزم، 1962: 314؛ياقوت الحموي، 1995: 285/5) ، هەرچەند ناوەکۆنەکەشی لەدەستنەدا و لە سـەرچاوەکان هەردو ناوەکەی باسـدەکرێت(التميمي، 1993: 44؛ ياقوت الحموي، 1995: 285/5؛ القطيعي،1412هـ: 1217/3). هـەروەهـا لـە ئـاخـافتنی(الطبری م: 310هـ/923م).دا، دەردەکەوێت ئەم قەڵایە، لە مێرگێك بوە، کە بە مێرگی قەڵا(مرج القلعة) ناسراوە، واتا (قلعة النسير)، هەمان ئەو قەڵایەیە، کە لە هەواڵەکان و لە یاداشتی گەڕیدەکان بە (مرج اللقلعة) ناوی دێت(الطبري، 1969: 146/4). و لەسەر ڕێگای مێرگ بوە بەرەو نەهاوەند(القطيعي، 1412هـ: 1371/3).

وا دیارە، ناوچەکە بۆتە مۆڵگەی ئەو سـوپا زۆرەی، کە خۆی سـازداوە بۆ شـەڕی نەهاوەند(21ك/641ز)، یاقوتی حـەمـەوی (م:626هـ/1229م) ، دەڵێت ئـەم شـوێنـە بۆیـە بـە(مرج القلعـة) نـاسراوە، چونکـە سـەرلـەشـکری موسـوڵمانان(النعمان بن مقرن المزني م: 20ك/641ز)، کە لە شـەڕی نەهاوەند کوژرا، لێرە بارگە ی بە سـوپاکەی خسـتوە(ياقوت الحموي 1995: 102/5)، پاشـتر بوە مولکی خەلیفەکانی ئومەوی ئەوجا کەوتە دەسـت خەلیفەکانی عەباسی و لە دەقێکدا بە مروجی(أمير المؤمنين) ناوی هاتوە(خليفة بن خياط، 1379هـ: 455).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم قەڵایە، شوێنێکی گرنگ بوە لە ڕوی سەربازییەوە و وەك پێگەی پشودان و خۆسازدان بـەکار دەهێنـدرا و دەبینین (قحطبـة بن شـبيب(م:132ك/750ز)، سـەرکردەی بـانگـەشـەی عـەبـاسی لـە ساڵی(131ك/748ز)، گەمارۆی نەهاوەندیدا، حەسەنی کوڕی ناردە سەر(مرج القلعة) و دەستی بەسەرداگرت، نەبادا لەشکری ئومەوی، بەکاری بهێنن بۆ بەرگری و پێشگرتن لێیان (ابن الأثير،1999: 393/4؛ النويري، 1432هـ:32/22)، لە لاییەکی ترەوە، بەو پێیەی ئەم قەڵایە، لە مێرگێکی ئاودار بوە و کەش و هەوایەکی خۆشی هەبوە، خەلیفەکانی عەباسی خانوبەرەیان لێ بنیاتنابو، سـاڵێکیان خەلیفە (هارون الرشـيد (170-193ك/786-809ز)،، لەبەر گەرماو هەوای ناخۆشی بەغدا ڕویکردە ئەم مێرگە ماوەیەکی تێدا بەسەر برد[iii].

### 2. قەڵای حەسەنی کوڕی عەلی:

ئەم قەڵایە نەناسراوە و نازاندرێت، ئەم حەسەنە کێیە، ناو و دەنگ وباسی لە ڕوداوەکان نەهاتوە، بەڵام گەڕیدەێك، لە میانەی دیاریکردنی دوری نێوان شـارەکان ناوی هێناوە و وا دەردەکەوێت، کەوتۆتە ناوچـەییەکی نێوان هـەرێمی ئازربیجان و شـارەزورەوەو دەڵێت ، لە قەندریەوە[iv] بۆ گوندێك[v]، دو قۆناغە ڕێیە لە وێشـەوە بۆ قەڵای ناوبراو کە قۆناغەڕێ لەوێشەوە بۆ لە شارەزورو یەك قۆناغە ڕێ دورە (المقدسي 1991: 382).

### 3. جەزیرەی کوردان(جزيرة ابن عمر):

ئەم شـارە شـوێنێکی دێرینی نیشـتەجێبونی کوردە[vi]، چونکە لە سێ لاوە بە ئاوی ڕوباری دیجلە دەورە درابو، وەك نیمچـە دورگـەیکی لێهـاتبو بۆیـە زیاتر بـە جـەزیرە دەنـاسرا (ابن الفقيه 1996: 364؛ ياقوت الحموي 1995: 84/2،

138، لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە پەیوەستکراوە بە کوردانەوە، لە سەرچاوە سریانییەکاندا بە (باقرد و بیث قردو) هاتوە و بە چەند ناوێکی نزیك لەو ناوە هاتوە و بە مەڵبەندێکی دێرینی کورد داندراوە(مینورسکي:م1966ز)[viii]، لە سەردەمی ئیسلامیش، شوێنەکە وەك شوێنی گردبونەوە و نیشتەجێبونی کورد مایەوە و پێیانەوە پەیوەستکرا، (ابن شداد، م:684ك/1285ز)، دەڵێت(ابن واضح)، کە مەبەستی گەڕیدە و مێژونوس یەعقوبییە(م:293ك/906ز)، لە ناوهێنانی ئەو شارو باژێرانەی سەر بە (دیار ربیعة)ن،(شیرن سلیم، 2008: 42-43)، ناوی (جزیرة الأكراد)ی هێناوە وابزانم مەبەستی جەزیرەیە، کە پێشتر و پێش ئەوەی (عمر بن الخطاب التغلبي) لێی بگیرسێتەوە و ئاوەدانی بکاتەوە بەو ناوی واتا(جزیرة الأكراد) دەناسرا(ابن شداد 1431هـ: 148: زرار صدیق 2020: 75).

شایەنی باسە، لەو بەشەی کتێبی (البلدان)ی (الیعقوبي(م: 293هـ/906م)، کە ماوەو بڵاوکراوەتەوە، ئەم زانیارییەی تێدا نییە، کە وا (ابن شداد(م:684هـ/1285م) لێی وەرگرتوە، دیارە لە بەشی فەوتاوی ئەو کتێبە یان کتێبێکی لەناوچوی دیکەی (الیعقوبي) ئەم زانیارییە گرنگە هاتبێت، پاش ئەوەی کابرایەکی عەرەب، کە کوڕی عومەر ناوێك بو و بە (ابن عمر) ناسراوە و چەند خانویەکی لە جەزیرە بنیاتناوە و شار و جەزیرەکە بە ناوی ئەوەوە ناسراو ناونرا، بە (جزیرة ابن عمر)(یاقوت الحموي، 1995: 138/2؛ ابن المستوفي، 1980: 702/2؛ سلام حسن خۆشناو، 2006: 28).

سەبارەت بە ناسنامەی (ابن عمر) زیاد لە بۆچونێك هەیە و زیاتر جەخت لەوە دەکرێت، کە (الحسن بن عمرو التغلبي بێت، وا دیارە ئەم کابرایە، سامانداریکی عەرەب بوەو شوێنی دیکەی لە هەرێمی جەزیرە گرتوە و ئاوەدانی کردۆتەوە و کۆشکی تیادا بنیاتناوە و قایمی کردوە، لەوانەش گوندی(أذرمة)[viiii] بوە(البلاذري 1988: 80) کەچی بە گوێی هەواڵێکی لاواز، کە دەماودەم گێڕدراوەتەوە و مەبەست لە (ابن عمر)هـ، (یوسف بن عمر الثقفي م:127ك/745ز)هـ، کە والی عیراق و خوراسان بو لە سەردەمی خەلیفە هیشامی کوڕی عبدالملك(105-125ك/724-743ز) (ابن خلكان، 1990: 3/349-350؛ الذهبي، 2003: 397/45).

سەبارەت بە بنیاتنەری شارەکە، (ابن خلكان(م:681هـ/1282ز) زیاتر لەسەر بابەتەکە هەڵوەستە دەکات و هەوڵی ناسینەوەی بنیاتنەری ڕاستەقینەی جەزیرەی داوە و لە کتێبێکی دیدا خوێندویەتیەوە، کە جەزیرە گەڕێندراوەتەوە بۆ ئەوس و کامل کوڕانی عومەر، بۆیە بەو ناوە ناسراوە و پێشتر (ابن المستوفي: م637ك/1239ز) لە (تاریخ اربل)دا، جەزیرەی بۆ ئەو دو کوڕەی عومەر (ابنی عمر) گەڕاندۆتەوە[ix] و کەچی ئەو بەخۆی پێی وایە، ڕاستەکەی ئەوەیە، کە کەسێکی خەڵکی بەرقەعید[x]، بە ناوی (عبدالعزیز بن عمرو) بنیاتنەری شارەکەیە و هەر بۆ ئەو گەڕێندراوەتەوە(ابن خلكان، 1900: 3/ 349-350؛ الذهبي، 2003: 13/ 927).

4- شاری حەسەنییە:

حەسەنیەش[xi] شارۆچکەیەك بو لەسەر ڕوباری خاپور، بۆیە ڕوبارەکە بە (خابور الحسنیة) دەناسرا(یاقو الحموي 1995: 2/ 335؛ ابن الأثیر 1999: 402/7؛ القطیعي 1412هـ: 403/1؛ ابن خلدون 1981: 4/ 608)، کە ئێستا بە زاخۆ دەناسرێت، تا ئەم ڕۆژگارەش یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە، بە حەسەنیە/حەسەنیکا دەناسرێت، سەبارەت بە ناوەکەشی، تەنها ئەوە زانراوە، کە لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە، لەسەر ڕوباری خاپور ئاوەدانییەك هەبوە و نازانرێت ناوی چی بوە، تەنها ئەوە زانراوە، کە پردێك هەبوە و بۆ پەڕینەوە لە ڕوباری خاپور بەکارهێنراوە و مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش ئیسلام و تەنها لە سەردەمی ئیسلامی ناوی شارەکە بە (الحسنیة) هاتوە و پێشتر هیچ زانیاریەکمان لەسەری نییە.

پێمان وایە، ناوی(الحســـنية)ش لە کەســـێکی حەســـەن ناوەوە داڕێژراوە، کە نازاندرێت کێیە و دور نییە کە هەر (الحســـن بن عمرو التغلبی) بێت، ئەوکەســـەی، جەزیرەی (ابن عمر)ی بە ناوەوە ناونرا، بەپێی هەواڵێك، گوایە (ناصر الدولة) حەســـەنی کوڕێ عەبدوڵای حەمدانییە(م:358ك/969ز)، بەڵام ئەم بۆچونە ڕاســـت نیە و ناوی شـــارۆچکەکە، بەر لە دەرکەوتنی(ناصر الدولة) و لە ڕوداوەکانی ســـاڵی(281ك/894ز)، ئاماژەی پێکراوە(الطبري: 1969: ابن الاثير، 1999: 480/6؛ الذهبي، 2003: 6/ 650، 16/ 175).

5- گوندی کفرتوثا:

گوندێکی شورەداری کۆنی هەرێمی جەزیرە بو، بەبەڵگەی ئەوەی لە پرۆسەی فەتحی ئیسلامی ناوی هاتوە و لەگەڵ نوصـــەیبین فەتحکراوە(البلاذري، 1988 : 176)، دەکەوتە نێوان شـــاری دارا و ســـەری کانی(رأس العين)، بە پێنج فرســـەخ/24کم، لە داراوە دوربو، لە ســـەردەمی ئومەویدا، کوڕی کابرایەك بەناوی(أبی رمثة)، کە نەزانرا کێیە خانوی لێدروستکرد و وەك شاری لێکرد و بە دیوارێك قایمی کرد (البلاذری، 1988: 180؛ ابن حوقل، 1938: 1/ 208، 212؛ ياقوت الحموي، 1995: 4/ 468)، ســـەبارەت بە ناوەکەی، (ابن ســـلام :م224ك/839ز) پێی وایە ناوی(کفرتوث)، بۆ ناوی پیاوێك دەگەڕێتەوە(الحربي، 1405هـ: 5/ 213)، کە نەمانزانی ئەوکەسە کێیە.

## 6-قەڵای ئەردمشت:

قەڵای ئەردمشـــت یان (کواشي)[xii] کە تائێســـتا بە هەمان ناوەوە دەناسرێت ونەزانرا، کە ســـەرەتا لەلایەن کێ دروستکراوە، دەکەوێتە سەر ئەو زنجیرە چیایەی، کە لە دهۆکەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا زاخۆ و دەڕوانێ بەسەر دەربەندێکدا، کە هەردودیوی چیایەکە بەیەکەوە گرێدەدات، بە هۆی یاخیبوونی کوردی ناوچەکەوە خەلیفە(المعتضـد)، ساڵی(281ك/894ز)، وێرانیکرد(الطبري، 1969: 10/ 38؛ ابن مسـکویه، 200: 4/ 498؛ ابن شـــداد 1431هـ: 200)، دواتر(ناصر الدولة) حەســـەنی(م:358ك/969ز)[xiii] کوڕی عەبدوڵای حەمدانی بنیاتینایەوە (ياقوت الحموي، 1995: 1/146).

6- قەڵای منصور (حصن منصور):

قەڵایەکی دێرینەو تا ئێســـتاش ئاوەدانەو لەلایەن دانیشـــتوانە کوردەکەیەوە، ناوەکەی کورتکراوەتەوە و بوە بە ســـەمســـور و بە تورکیش بە (أديامان) ناو دەبرێت، کاتی خۆی وەك کەوشـــەنێك (الثغر)، بنیاتنراوە و لە ڕیزی کەوشـــەنەکانی جەزیرە هەژمارکراوە(الاصـــطخري، 2004: 67؛ ابن حوقل، 1938: 187/1) و دەکەوتە نێوان سميساط و مەڵاتیاوە(ابن خرداذبة، 1889: 97؛ قدامة بن جعفر، 1981: 115).

ئەم قەڵایە لە کۆتایی سەردەمی ئومەوی و لە ڕۆژگاری خەلیفە (مروان بن محمد)، لەلایەن والی رهاوە (منصور بن جعونة العبادي(م:141ك/758ز)[xiv]، بنیاتنراوە، هێزێکی سەربازیی، لە خەڵکی شام و جەزیرەی تێدا نیشتەجێکردوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر سەربازی شامی و جەزیرەی لەگەڵدا بون و لە قەڵاکە نیشتەجێبون تا پێش لە هێرش و پەلاماری ڕۆمە بیزەنتییەکان بگرن، هەر بۆیەش وەك نەریتێکی باو بەناوی بنیاتنەرەکەیەوە ناونرا(قدامة بن جعفر، 1981: 321؛ الادريسي، 1409هـ: 369/1).

ئەم قەڵایە لە سەردەمی عەباسیش، گرنگی خۆی لەدەستنەداو جێگەی بایەخ بو، بۆیە (ابوجعفر المنصور)، کە لە ســـەردەمی خەلیفە(ابو عباس الصـــفاح: م 136ك/754ز)ی برایدا، والی ئەرمینیاو ئازربیجان بو، لە چنگ منصـــوری

دەرهێناو خستییە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، خەلیفە (هارون الرشید)یش لە سەردەمی خیلافەتی مەهدی باوكیدا گرنگی بە پێداوە و بیناكاری بۆ كردوە و پارێزبەندی بۆ كردوە، لەگەڵ ئەوەدا چەندین سەربازی تایبەت بە خۆی لێ جێگیر كردون(البلاذري، 1988: 192؛ ابن العدیم، 216: 1/ 374؛ ابن عساكر، 1995: 60/ 310).

## دووەم: كۆشك و تەلار:

خەلیفەكانی عەباسی(132-566ك/750-1171ز) و ئەندامانی بنەماڵەكانیان لەلایەك و گەورە بەرپرس و دەسەڵاتدرانی خیلافەت لە لایەكی دیكەوە، كە دەوڵەمەند بون و سامانێكی زۆریان پیكەوە نابو چەند كۆشك و تەلاریان لە ناوچە كوردشنینەكان و ناوچەو شارەكانی دی خیلافەت بنیات نابو، هەم بۆ دوركەوتنەوە لە كەش و هەوای گەرمی بەغداو شارەكانی دی هەم بۆ بەسەربردنی كاتێكی خۆش و ئەنجامدانی گەشت و گەڕان و نێچیروانی دەهاتنە ناو ئەم كۆشكانەیان و ماوەیەكیان تێدا بەسەر دەبرد و ئەم كۆشك و تەلارانە دەبونە شوێنێكی ناسراو و گەڕیدە و جوگرافی ناس سەردانیان دەركردن و لە بارەیانەوە دەدوان و لە گرنگترین ئەو كۆشك و تەلارانەی، كە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەكەی ئێمەوە هەیە بریتین لە:

1. كۆشكی (كثیر):

(كثیر بن شهاب الحارثي)، كە سایەتییەكی ناوداری سەر بە ئومەوییەكان بو، ماوەیەك كرایە والی دینەوەر و هەمەدان، كۆشكێكی لە شاری ماسبذران/ ما سەبەتان بنیاتنا و بەناوی خۆیەوە دەناسرا، دەكرێت بڵێین، ئەم كۆشكە لە كۆشكە ناسراوەكانی هەرێمی چیا بوە و تایبەت بوە بەو كەسایەتییەی ئاماژەمان پێكرد" هەروەها پاش مردنی(كثیر) كۆشكە كەو ئەو زەویوزارانەی خرابونە سەری، و دەوروبەری، پشتاوپشت بۆ كوڕو نەوەكانی ناوبراو مانەوە. (البلاذري، 1988: 49؛ یاقوت الحموي، 1995: 4/ 462، 410/5)، لەوانەش (زهرة بن الحارث بن منصور بن قیس بن كثیر بن شهاب)، كە لە سەدەی سێهەمی كۆچی/ نۆهەمی زاینی ژیاوە(الكلبي، 1988: 1/ 283؛ البلاذري، 1988: 301؛ الطبري، 1969: 8/ 168-169؛ ابن مسكویه، 2000: 479/3).

2. كۆشكی خەلیفە(المهدي):

لەبەر خۆشی و دڵبەندیی ناوچەكە و لەباریونی كەشوهەواكەی، وەك باس كرا ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری عەباسی، كۆشك و هاوینەهەواریان لە هەرێمی چیا هەبو، لەوانەش خەلیفە (المهدي: 158-169ك/775-785ز)، كە كۆشك و زەویوزاری، لە ماسبذان هەبو، لە ساڵی (169ك/785ز)، بە نیازی لابردنی موسای كوڕی لە جێگریی و دانانی هارون لە شوێنی ڕوی كردە كۆشكەكەی، كەچی ئەوەندەی نەبرد نەخۆشكەوت و مرد و هەر لەوێش نێژراوە.(البلاذري، 1996: 275/4؛ ابن حبان، 1417هـ: 572/2؛ الفسوي، 1974: 1/ 158).

3. كۆشكی عەمر(قصر عمرو):

لەو چوارچێوەی ئەو كۆشكانەی، لە هەرێم و ناوچە كوردنشینەكان، دروستكراون و ناوەكەیان خراوەتە پاڵ كەسایەتییەكی دیاریكراو، چەندین نمونەی ترمان هەنە، وەك، (قصر_عمرو)، كە دەكەوتە سەر ڕێگای حلوان بەرەو كرماشان لە هەرێمی چیا، بە چوار فرسەنگ/24كم ، لە حلون و سێ فرسەنگ/ 18كم، لە كرماشان دوربو(ابن خرداذبة، 1889: 19؛ قدامة بن جعفر، 1981: 93).

نازاندرێت ئەم عەمر(عمرو)یە کێیەو دور نییە هەر عەمری کوڕی مەعدی یکرب بێت کە لە سەرانی هۆزی زوبیدی یەمانی و لە سەرکردە مەیدانییەکانی لەشکری فاتیحانی موسوڵمان بو و ساڵی(21ك/641ز)، لە شەڕی نەهاوەند کوژرا(المقدسي، 1991: 401).

4. کۆشکی یەزید:

ئەم کۆشکە لە هەرێمی چیا بنیاتنرابو، چوار فرسەنگ/24کم، لە (مرج القلعة) و شەش فرسەنگ/ 36کم، لە زوبەیدییەوە دور بو، هەروەها (المقدسي(م: 763ك/1362ز)، دوری ئەم کۆشکەی لە زوبەیدیەوە بەیەك قۆناغە ڕێ خەمڵاندوە(المقدسي، 1991: 135)، وا دیارە کەسێکی عەرەبی یەزید ناو بنیاتی ناوە و بە ناوی ئەوە ناونراوە و گەڕیدەکان کە سەردانی ئەم کۆشکەیان کردوە و ناساندویانە، چ زانیارییەکیان لەبارەی بنیاتنەرەکەیەوە نەداوە بەدەستەوە و تەنها بە(قصر_یزید) ناویانهێناوە ڕەنگە شتێکیان لەو بارەوە دەستنەکەوتبێت، بۆیە بێدەنگ بونە.(ابن خرداذبة، 1889: 19؛ القلقشندي، 1987: 4/ 198، 402).

5. کۆشکی(أبي جوزة):

محەمەدی کوڕی عەبادە، لە هۆزی (بنی زهیر)، ناسراو بە(أبي جوزة)، یەکێك بو، لەو سەرکردە خەواریجانەی، کە سەربە بزاڤی هارونی شاری(م:283ك/896ز) بون، پاشان لە ساڵی(280ك/894ز) لێی هەڵگەڕایەوە و کۆمەڵێ عەرەبی کۆچەری لە خۆی کۆکردەوە و ڕوی کردە شارۆچکەی ماڵتا(معلتايا)ی نزیك دهۆك و باجی ناوچەکەی کۆکردەوە و لەگەڵ خەڵکەکەی لەسەر پێنج سەد دینار پێکهاتن، پاشان دیواربەندێکی لە سنجار دروستکردو کردیە بارەگای خۆی و سامان و کەلوپەلی خۆی تێدا دانا و دواتر لە شەڕی خۆبەخۆی خەواریجدا کوژراو قەڵاکەی داگیرکرا(ابن الأثير، 1999: 6/ 476).

6. کۆشکی (الغنوي):

ئەم کۆشکە، لەلایەن (العباس بن عمرو الغنوي م: 305ك/ 917ز)، بنیاتدراوە، کە سەرکردەیەکی ناوداری دەوڵەتی عەباسی بوە و لە بەرەنگاربونەوەی نەیارانی خیلافە ڕۆڵی هەبوە(الطبري، 1969: 10/ 75؛ ابن الجوزي، 1992: 12/ 411)و لە میانەی هەواڵەکاندا دەردەکەوێت، کە کەوتۆتە ناوچەیەکی نێوان سنجار بۆ نوصەیبین (القزويني: د.ت: 393)، ئەم کۆشکە لە بەرزاییەك بنیاتندرابو، کە دەیڕوانی بەسەر بێستان و چەمێکدا و وەك شوێنێکی جوان و دڵگیر بوبوە جێگەی سەرنجی ئەوکەسانەی سەریان لێدەدا و لەم بارەیەوە، شیعریان بە کۆشکەکەو بنیاتنەرەکەی هەڵدەدا و یەکێك لەسەر دیوارەکەی ئەم شیعرەی نوسیبو:

**يا قصر عباس بن عمرو ... كيف فارقك ابن عمرك؟**

**قد كنت تغتال الدهور ... فكيف غالك ريب دهرك؟**

**واها لعزك! بل لجودك ... بل لمجدك بل لفخرك(ياقوت الحموي، 1995: 4/ 359).**

واتا: واتا: ئەی کۆشکی عەباسی کوڕی عەمر...چۆن لە کوڕی تەمەنی خۆت جیابویەوە.

تۆ ڕۆژگارت لە ناو دەبرد.........کەچی ئەمڕۆ ڕۆژگار تۆی لەناو بر.

حەیف بۆ شکۆت حەیف بۆ بەخشندەیت.....بەڵکو بۆ سەربەرزی و بۆ شانازی و گەورەیت.

هەروەها هەر یەك لە (ســیف الدولة)علی كوڕی عبدالله ی حەمدانی(303-356ك/915-967ز) و(الخضــنفری)ی كوڕی (ناصر الدولة)، حســنی كوڕی عەبدوڵای حەمدانی (م:358ك/969ز).، ســەردانی ئەم كۆشــكەیان كردوەو شیعریانپێدا پێدا هەڵگوتنیان كردوە(القزويني، د.ت، 393؛ الصفدي، 2000: 24/ 176).

7. كۆشكی عەتیق(القصر العتيق):

حەمدانییەكانیش، لە شارو ناوچە كوردنشینەكان، گرنگییان بە بیناكاری كۆشك و تەلار داوە، دەبینین، یەكێك لە تایبەتمەندی بیناكاریەكانی شـاری میافارقین بریتییە لە دروسـتكردنی كۆشـكێكی گرنگ[xv]، كە بە (قصر_العتيق) ناسراوە و لەلایەن (ســیف الدولةی) حەمدانی دروســتكراوە، هەروەها بە هۆی بونی ئەو كۆشــكەوە یەكێك لە دەرگاكانی شــاری میافارقین بە (باب قصر__العتيق)، ناسراوە(الفارقي، 2017: 79؛ ياقوت الحموي، 1995: 5/ 237).

## سێیەم: مێرگ(المرج):

مێرگ، كە لە زمانی عەرەبیدا بۆتە(المرج)، واتا ئەو زەویە بەرفراوانە ئاودارەی، كە هەردەم ســەوزایی لێ نابڕێت و بەهۆی هەبونی ئاوەوە گیا و لەوەڕی لێ دەڕوێت و شـوێنێكی لەبارو گونجاو بو بۆ بەخێوكردنی دەوار و مەڕوماڵات(ابن منظور، 1414هـ: 2/ 364)، بۆیە هەر لە ڕۆژگاری فتوحاتەوە و ســەردەمانی باڵادەســتی و هەژمونی عەرەب ژمارەیەك مێرگی بەپیتی كوردستان و هەرێمەكانی دی، كەوتنە دەست گەورە دەسەڵاتداران و بەرپرسانی عەرەب و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەناویان دەهێنان دەبووە موڵكیان و هەر بەناوی خۆشیانەوە دەناسران.

1. مێرگی ئەبو عوبەیدە(مرج ابو عبيدة):

بە مێرگی موســڵیش دەناسرا و یاقوتی حەمەوی لە بارەییەوە دەڵێت، بریتییە لە نزمایيەكی پانوپۆڕ، كە لە نێوان چیاكانە و دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی موصـڵەوە و چەند گوند و ئاوەدانییەكی تێدایە و لەســەر چیاكانیش قەڵا بنیاتنراون[xvi] و دیارە مەبەست لەم مێرگە ناوچەی نافكورو ئەو دەشتاییە بەپیتەیە، كە لە موصڵەوە تا نزیك ئاكرێ درێژدەبێتەوە و ئەو زەوی و دێهاتانە دەگرێتەوە، كە لە دەستەڕاست و دەستە چەپی ڕوباری خازرن(زرار صديق، 2020: 25). سەبارەت بەو كەسایەتییەی، كە ئەم مێرگەی بۆ گەڕێندراوەتەوە، چ زانیارییەك لەبەردەست نییە و دەكرێ بڵێین، یەكێك بوە، لەو چەندین كەسایەتیانەی عەرەب، كە زەوییان بۆ دابڕاو بونە موڵكدار.

2. مێرگی عبدو الواحید(مرج عبدالواحید):

ئەم مێرگە كەوتبوە هەرێمی جەزیرە و بەدەســت (عبد الواحد بن الحارث: م410ك/1019ز)بو و باخ وبێســتان لێ چێندرابو، كە لە بنەماڵەی دەســەڵاتداری ئومەوی و كوڕەمامی خەلیفە (عبدالملك بن مروان) بو، پاشـان كردی بە پاوان بۆ موســوڵمانان، بەڵام هەر بەناوی خاوەندی یەكەمییەوە دەناسرا(البلاذري، 1988: 181، 191؛ ياقوت الحموي، 1995: 5/ 102؛ القطيعي، 1412هـ: 3/ 1255). وا دیارە ئەم پیاوە، كەســێكی مەرد و خواناس بوە و شـاعیر (عمير بن الشـيم التغلبي م:101ك/719ز)، ناسراو بە (القطامي)، لە مەحدكردنیدا دەڵێت: **أهل المدينة لا يحزنك شأنهم ... إذا تخطأ عبد الواحد الأجل**(الكلبي، 1986: 40؛ البلاذري، 1996: 6/ 304).

3. مێرگی زوبەیدیە(مرج الزبيدية):

لە نێوان ئەو زەوییە بەراو و بەپیتانەی هەرێمی چیا، کە موڵکی خیلافەی عەباسی و کەسایەتییە عەرەبەکان بون، وا دیارە، پارچەیەکی پشکی تایبەتی (الزبیدی:م 216ك/831ز)ی کچ مام و هاوسەری خەلیفە (هارون الرشید)، بوە بۆیە ناونراوە(الزبيدية)، کە دەکەوتە نێوان کرماشـــان و (مرج القلعة)ەوە و خانوبەرەی تێدا ئاواکرابو، زۆربەی گەڕۆکەکان ســـەردانییان کردوەو بە کورتی لـەبارەیـەوە دواون (اليعقوبي، 1996: 76؛ ابن حوقل، 1938: 2/ 359؛ یاقوت الحموي، 1995:3/ 132).

4. مێرگی قەڵا(مرج القلعة):

ئەو مێرگ و زەویە ئاودارەی، کە دەکەوتنە دەوروبەری قەڵای ماذران(قلعة النسـير)، وەك باســكرا، بە مێرگی قەڵا دەناسرا و لەبەر دڵگیری و گونجاوی ئاوهەواکەی، ژنان و ئەندامانی خەلیفەکانی عەباسی ســـەردانیان دەکرد، جارێکیان(علية)ی کچی خەلیفە (المهدي)، بە یاوەری هارونی برای دەچون بەرەو خوراسـان، لەم مێرگە لایان دا و (علية) لەم بارەیەوە ئەم شیعرەی گوت:

ومغترب بالمرج يبكي لشجوه ... وقد غاب عنه المسعدون على الحب

إذا ما تراءى الركب من نحو أرضه ... تنشق يستشفي برائحة الركب(یاقوت الحموي، 1995: 5/ 101).

## چوارەم: چەند شوێنێکی دی:

جگە لەم شارو قەڵاو کۆشکانەی، کە باسکران، ژمارەیەك شوێنی دی هەبون، لە پرد و گوند و مێرگ، یان لەلایەن کەسیەتیە عەربیەکانیەوە بنیاتنرابون، یان پێشتر هەبون و پاشان بەناوی ئەوانەوە ناونران و لە سەرچاوەکانیش بە ناوی نوێوە هاتون، لەوانەش چەند پردێکی بەردین و بچوك، کە بە (قنطرة)[xvii] دەناسرێن.

1. بورجی عەلی کوڕی وەهەب(برج علی بن وهب):

لە ڕۆژگارێکی نادیاردا کابراییەکی عەرەب بە ناوی عەلی کوڕی وەهەب، کە چ زانیارییەك لەبارەی ناســـنامەیەوە نەهاتوە، لە نزیك میافارقین گیرساوەتەوە و بورجێکی بنیاتناوە، کە هەر بە ناوی خۆیەوە ناوزەدکرا، کە وادیارە شـوێنێکی ناسراو بوە و تا کۆتایی ســـەردەمی عەباسی هەر بەهەمان ناوەوە مابو و فارقی و یاقوتی حەمەوی ئاماژەیان پێداوە (الفارقي، 2017: 79؛ یاقوت الحموي، 1995، 5/ 237).

2. پردی نوعمان (قنطرة[xviii] النعمان):

لە شـــوێنە ناودارەکانی هەرێمی چیایە و لەلایەن گەڕیدەکانەوە ئاماژەی پێدراوە و لە دوری یەك قۆناغە ڕێ لە گەنگاوەر و قۆناغە ڕێیەکیش لە چیای بێستون و کرماشانەوە دوربوە(المقدسي، 1991: 401)، لەسەر دۆڵ وچەمێك بنیاتنرابو، کە هەندە لە قەڵای ماذران مادورستان دور نەبو(الإدريسي، 1409هـ: 2/ 672).

سەبارەت بەو نوعمانەی کە ئەم پردەی بۆ گەڕێندراوەتەوە دو بۆچون هەیە، بەپێی بۆچونێك، کە زیاتر لە ئەفسانە دەچێت و وا دیارە هەواڵزانانی عەرەب هەڵیان بەســـتوە و دەگێڕێنرێتەوە بۆ النعمان بن المنذر(552-609ز)[xix]ی خاوەنی (حیرة)[xx] لە سەردەمانی پێش ئیسلام، کە گوایە، لەگەڵ وەفدێکی پیاوماقوڵانی عەرەب سەردانی شاهی ساسانی خەسرەوی پەروێز(590-628ز)،ی کردوە و گوایە توشی دۆڵێکی سەخت و توش بوەو پەڕینەوە و دەربازبون لێی قورس بوە، بۆیە بڕیایداوە ئەم پردە دروستبکات[xxi].

بۆچونی دوەم، كە وادیارە دروستترە و لە واقیعی مێژویی نزیكترە، دەیگێڕێتەوە بۆ سەرلەشكری ناسراو(النعمان بن المقرن المزني م:21ك/642ز)، كە لە ســەروبەندی خۆئامادەكردن بۆشــەڕی نەهاوەند لە ناوچەكە مایەوە و ڕەنگە بەبڕیای ئەو ئەم پردە نۆژەن كرابێتەوە تا موســوڵمانان بتوانن بەســەریدا تێپەڕن بۆیە بەناوی ئەوەوە لكاوە(البســتي، 1973: 3/ 409؛ ابن عبدالبر، 1992: 4/ 1505؛ القطيعي، 1412هـ، 1127/3).

3. پردی ئەبا ئەیوب(قنطرة أبا أيوب):

هەر لە هەمان دەڤەری هەرێمی چیا پرد یان (قنطره)یەكی دی هەبو، بە (أبي أيوب) دەناسراو لە نزیكی گوندێك بە هەمان ناوەوە هەبو، بە گوتەی یاقوتی حەمەوی، لە نزیك نەهاوەند بوە(ياقوت الحموي، 1995، 337/3).

بە گوێرەی ئاخافتنی گەڕیدەكان بە چوار فرســەنگ/24كم، لە (قنطرة النعمان) و دوفرســەنگ/ 12كم، لە كێوی بێستون دوربو(ابن حوقل، 1938: 359/2؛ الخزرجي، 1955: 15؛ الادريسي، 1409هـ: 672/2).

سەبارەت بەو كەسەی ئەو پردەی بەناوە ناونراوە، گەڕیدەكان ناسنامەیان ئاشكرا نەكردوە، بەڵام وادیارە ئەمیش یەكێك بوە لەو كەســانەی كە لە ڕۆژگاری فتوحات یان ســەردەمانی دواتر هاتۆتە ناوچەكە و ڕابوە بە بنیاتنان یان نۆژەنكردنەوەی پردەكە، بۆیە بەناوی ئەوەوە ناونراوە، ئەم پردو گوندە تا ســەدەی چوارەمی كۆچی/ دەهەمی زاینی هەر ئاوەدان بو، تا كوردی ناوچەكە گوندەكەیان وێرانكرد و بەبەرد و تاوێرەكانی قەڵای(شرماح)[xxii]یان بنیاتنا(ياقوت الحموي، 1995: 3/ 337).

**چوارەم: گۆڕینی ناوی شوێنەكان:**

بە نیشتەجێبونی عەرەب لە ناوچە و هەرێمە كوردنشینەكان، ناوی چەند جێگایەك، گۆڕاوە و شێوەیەكی تایبەت بە زمانی عەرەبییان وەرگرتوە، هۆكاری ســەرەكیی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە چەند پیتێكی وەك (پ،چ،ژ...)، كە وەك ئاشكرایە لە زمانی عەرەبی بونیان نییە، لەو ناوانە هەبون و عەرەبەكان ناچار ناوەكانیان بەشێوەیەك گۆ دەكرد كە لەگەڵ یاســای زمانەكەیان بگونجێت و لەشــوێنی ئەو پیتانە پیتی نزیكی زمانی خۆیان لەبری دادەنا بۆنمونە ناوی میافارقین[xxiii]، كە گەورەترین شاری سنوری دیاربكرە((الدينوري، 1960: 297)، و پێنج فەرسەنگ، كە دەكاتە(چوار ڕۆژە ڕێ)، لە شاری ئامەدو حەوت فرسەنگ، كە دەكاتە (پێنج ڕۆژە ڕێ) لە شاری ئەرزرن دورە و بە شارێكی كۆنی شــورا بەند داندراوە(ابن خرداذبة، 1889: 215)، ئەمە لە كاتێكدایە، ناوی (فارقين) لەزمانی فارســیدا بە مانای(بارجين)(الشاشي، 1980: 28/1؛ السمعاني، 1962: 10/ 124؛ ابن الأثير، 1980؛ 2/ 405؛ ابن المستوفي، د.ت: 2/ 579) (پاركين) یان(اركين)دێت، پێمانوایە، ناوەكەی بە عەرەبی كراوە، بەبەڵگەی وشەی (فارقين)، بە مانای خەندەقی شاری دێت (السمعاني، 1962: 10/ 124؛ الزبيدي، 2001: 39/ 582).

بە هەمان دەســتور و یاســا ناوی ژمارەیەك شــوێنی دیی بە عەرەبی كران، بۆ نمونە وەندەنیكان كرا بە (البندنيجي)[xxiv]، كرمانشــاهان كرا بە (قرمســين)[xxv]، حەمزەی ئەصــفەهانی دەڵێت (ســنجار)[xxvi] بە عەرەبیكراوی ســنگار ، هەرێمی چیا بۆ(قوهســتان)[xxvii]، بەڵكو وەرگێردرا بۆ(اقليم الجبال) یان (بلد الجبل)، میهرەگان كەدك كرا بە (مهرجان قذق)[xxviii]، ئەڵوەند كرا بە (حلوان)[xxix]، (آترو پاتكان) كرا بە (آذربيجان)[xxx].

بە تێگەیشتن لە م زانیاریانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، كە مانەوە و نیشتەجێبونی عەرەب لە ناوچەكە و سەرنجدانیان بۆ شارەكە، لە و شوێنانەی لێی نیشتەجێبون، بۆتە هۆی ئەوە ناوەكەی بە زمانی ئەوان دەربڕدرێت.

جاری واش هەبو ڕودانێك یان بەسەرهاتێك دەبوە هۆی ئەوەی ناوی ڕەسەن و دروستی گوندێك یان شارێك، بگۆڕدرێت بۆ ناوێكی عەرەبی، بەشێوەیەك، كە گوزارشت لەو ڕوداوە بكات.

شاری مەراغە، لە هەرێمی ئازربیجان پێشتر گوندێك بو بە ناوی(أفراهروزد)، بەپێی ئەو گێڕانەوەی كەوا، سەبارەت بە گۆڕینی ناویەوە هاتوە و لەلایەن سەرچاوەكانەوە وەك تاكە لێكدانەیەك وەرگیراوە و پەسەند كراوە، ئەوەیە كە دەمێك خەلیفە (مروان بن محمد) والی ئەرمینیاو ئازربیجان، لە غەزوی موقان و گەیلان دەگەڕایەوە، ئەسپەكانی خۆی و هەڤاڵانی كەوتنە سمكۆڵكردن و گەوزان كە بە عەرەبی پێی دەتوترێت(تمرغ)، كەسانێك گوتیان شوێنێك گوندێك دروست بكەین بۆ گەوزان واتا(المراغة)، بۆیە كە گوندەكە ئاوەدان كرا ناونرا (قرية المراغة)، پاشتر سوك كرایەوە بۆ (المراغة)(ابن الفقيه، 1996: 581؛ قدامة بن جعفر، 1981؛ ياقوت الحموي، 1995: 5/ 93).

هەروەها كەنگاوەر، شارۆچكەیەك بو، دەكەوتە نێوان دینەوەر و هەمەدانەوە، پاش شەڕی نەهاوەند سوپای موسوڵمانان پێشڕەوی كرد بەرەو هەمەدان لە ڕێگادا، لە وێ لە كۆشكی كەنگەوەر لایان دا و لەلایەن خەلكی ناوچەكەوە ئەسپ و دەوارەكانیان دزران، بەهۆی ئەم ڕوداوەوە، ناویان لە كۆشكی كەنگەوەر نا (قصر.اللصوص)، ئەم ناوەش بەرە بەرە جێگیر بو(الطبري، 1969: 4/ 147؛ ابن مسكوية، 2000: 393/1؛ ابن الجوزي، 1992: 4/ 321؛ ابن الأثير، 1999).

جاری واش هەبو، سنوری چەندین شار بە یەكەوە ناوێكی عەرەبی وەرگرتوە، بۆ نمونە شارەكانی (نوصەیبین، ئەرزرن، ئامەد، سەریكانی، میافارقین)، سنوری هەموانیان بە یەكەوە بە (ديار مضر) داندراوە(ابن خرداذبة، 1889: 95؛ شيرين سليم، 2008:41 ).

دەمێك فاتیحە موسوڵمانەكان بە سەركردایەتی (سلمان بن ربيعة)، گەیشتنە ئەرمینیا، هۆزی (بنوغنوة) لەو هۆزە عەرەبانە بون كە لە سوپاكەیدا بەشدار بون و دو كەسیان بە ناوی(الحارث بن عمرو والحويرث بن عقبة)، یەكەم كەس بون، كە گەیشتنە دو چیا و بەم هۆیەوە ئەم دو چیایە ناونران بە (الحارث والحويرث)، ناوی ئەم دو چیایە لە سەرچاوە عەرەبییەكاندا بەم ناوانەوە ناسرا(المقدسي، 1991: 380؛ القزويني، د.ت: 495) ،لە كاتی فەتحی هەرێمی چیاكاندا موسوڵمانەكان گەیشتنە چیایەكی كێل كێل، كە نارێك بون و بەرزی و نزمی هەبوە، موسوڵمانەكان دەمێك ئەم چیایەیان بینی چواندیان بە ددانەكانی (سميرة)، كە ئافرەتێك بو لەگەڵیان لە هۆزی(ضبة)، كە وادیارە ددانەكانی شاش و نا ڕێك بوە و لەوەو ناوی چیایەكە بو (سن سميرة)(البلاذري، 1988: 301؛ الطبري، 1969: 4/ 147؛ ابن حزم، 1962: 205).

## ئەنجامی توێژینەوە:

1. لە ئاكامی بڵاوبونەوە و نیشتەجێبونی عەرەب لە هەرێم و ناوچە كوردنشینەكان، ناوی بەشێكی دیار لە شار، گوند و قەڵاكان سیمای عەرەبییان وەرگرتوە.
2. بەپیتی و دڵڕفێنی ئاوهەوای كوردستان، هۆكاری ئەوەبوە كە جگە لە عەرەبە كۆچەریەكان خەلیفەكانیش حەز بە كوردستان بكەن و كۆشكو تەلاریان هەبێت.
3. بە درێژایی چوار سەدەی یەكەمی كۆچی، سەركردە و لایەنگرانی بزاڤەكانی دژ بە ناوەندی خیلافەت، كوردستانیان كردۆتە پێگەی خۆیان و بەو هۆیەش بەشێك لە قەڵا و شارو گوندەكان بە ناوی ئەوانەو ناسران.

4. ئەو پرۆژە بیناكاریانەی لەلایەن فاتیحەكانەوە جێبەجێ كراون، زیاتر سیمای سەربازی و شورا بەندیان پێوە دیار بوە.
5. جاری وا هەیە دروستكردنی كۆشك یان بازاڕ لەلایەن سەركردە وكەسایەتییەكی سەر بە خیلافەت، بۆتە هۆی ئەوەی تەواوی شار یان گوندەكە بە ناوی ئەوەوە ناوی بهێندرێت.
6. ناسرانی بەشێك لە مێرگەكانی ناوچە كوردنشینەكان، بە ناوی كەسایەتییە عەرەبەكان، بەڵگەی ئەوەیە بەشێكی زۆری ئەو عەرەبانەی لە كوردستان نیشتەجێ بون ئاژەڵدار و كۆچەری بون.

اللبدي، نزار عوني، (2015)، التنمية المستدامة استغلال الموارد البشرية والطاقة متجددة، دار دجلة ناشرون وموزعون، طبعة الأولى، عمان.

## ليستى سەرچاوەكان


ابن الأثير: عزالدين إبن الحســن على بن محمد بن عبدالكريم الجزري (ت: 630هـ/1232م)،(1999). الكامل في التاريخ، دار الكتاب العربي، بيروت.

ابن الأثير، (١٩٨٠)، اللباب فى تهذيب الأنساب، دار صادر،بيروت.

الادريسيــ: محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس(ت ٥٦٠هـ/1164م)،(1409هـ)، نزهة المشــتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، بيروت.

ابن بطال التركي، أبو عبد الله محمد بن أحمد بن محمد،(ت ٦٣٣هـ/1236م)، (1991)، النظم المســتعذب فى تفســير غريب الفاظ المهذب، دار المكتبة التجارية، المكة المكرمة.

البلاذرى: ابوالحسن أحمد بن يحيى بن جابر (ت:279هـ/892م)، (1988)، فتوح البلدان، دار المكتبه الهلال ،بيروت.

البلاذرى،(١٩٩٦)، أنساب الاشراف، دار الفكر، بيروت.

البعلي: أبو عبد الله محمد بن أبي الفتح، شمس الدين (ت ٧٠٩هـ/1309م)، (2003)، المطلع على الفاظ المقنع، مكتبه السوادي،

البكري: أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد الأندلسي (ت: ٤٨٧هـ/1085م)، (1403هـ)، معجم ما استعجم،عالم الكتب،بيروت.

ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد ، ابو حاتم الدارمي البســتي(ت: 354هـ/965م)، (1973)، الثقات، دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد

التميمى: سيف بن عمر الاسدى، (ت: ٢٠٠هـ/815م)، (١٩٩٣)، الفتنه وقعه الجمل، دار النفائس.

الجوهري، أبو نصر إسماعيل بن حماد الفارابي (ت: ٣٩٣هـ/1003م)، (1978)، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، دار العلم للملاين، بيروت.

ابوالفرج عبدالرحمن بن على (ت:597هـ/1200م)، (1992)، المنتظم فى تأريخ الملوك والامم، دار الكتب العلميه،بيروت

ابن الجوزى، (1417هـ)، السيرة النبوية و اخبار الخلفاء، الكتب الثقافية، بيروت.

إبن حزم: أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد الأندلسي القرطبي (ت: 456هـ/1063م)، (1962)، جمهرة أنساب العرب، دار المعارف، مصر.

إبن حوقل: محمد بن حوقل البغدادي الموصلّي، أبو القاسم (ت: بعد 367هـ/977م)، (1938)، صورة الأرض، دار صادر، بيروت.

الحربي، أبو إسحاق إبراهيم بن إسحاق(ت:285هـ/898م)، (1405هـ)، غريب الحديث، تحقيق: د.سليمان إبراهيم العايد، المكه المكرمه.

الحازمي: محمد بن موسى بن عثمان الهم ذانى، (ت: 584هـ/1188م)، ((1415هـ)، كتاب الاماكن أو ما أتفق لفقه وإفترق مســماه، دار اليمامه الرياض.

الحميري، نشـوان بن سـعيد اليمني (ت: ٥٧٣هـ/1177ز)، (1999)، شـمس العلوم ودواء كلام العرب من الكلوم، دار الفكر المعاص،بيروت.

ابن خردا ذبه: ابوالقاسم عبيدالله بن عبدالله (ت:280هـ/893م)، (1889)، المسالك والممالك، دار أحياء صادر، بيروت.

إبن خلدون: أبو زيد عبدالرحمن بن محمد، (ت: 808هـ/1406م)، (١٩٨١)، ديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر(تاريخ إبن خلدون)، دار الفكر، بيروت.

ابن خلكان، شـمس الدين أحمد بن محمد الأربلى (ت:681هـ/1282م)، (1900)، وفيات اعيان، تحقيق: إحسـان عباس، دار صادر،بيروت.

الخزرجى، أبى دلف مسعر بن المهلهل (ت:390هـ/1000م)، (1955)، الرساله الثانيه، نشرها ف.مينورسكى، مطبعه جامعه القاهره.

خليفه بن خياط الليثى العصفرى(ت:240هـ/855م)، (1379هـ)، تاريخ خليفة بن خياط، دار االقلم،دمشق.

الدينورى: أبو حنيفة أحمد بن داود، (ت: ٢٨٢ هـ/895م)، ((١٩٦٠)، الاخبار الطوال،وزارة الثقافة والإرشاد القومي،مصر.

الذهبي: شـمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز الذهبي (ت: 748هـ/1347م)، (2003)، تاريخ الإسـلام وفيات المشاهير والأعلام، دار الكتاب العربي، بيروت.

الزبيدي: محمد مرتضى الحسيني الزبيدي، (د.ت)، (2001)، تاج العروس، الكويت.

السـمعاني: عبد الكريم بن محمد بن منصـور التميمي المروزي، (ت: 562هـ/ 1166م)، (١٩٦٢)، الأنسـاب، مجلس دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد.

سـبط إبن الجوزي: شـمس الدين أبي المظفر يوسـف بن قزاوغلي، (ت:654هـ/1256م)، (٢٠١٣)، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، دار الرسالة العالمية، سوريا.

ابن سعد، محمد بن سعد الواقدى(ت: 230هـ/845م)، (٢٠٠١)، الطبقات الكبير، مكتبة الخانجى،مصر

شـيرين سـليم حمودي، 2008)، الجزيرة الفراتية منذ بداية العصرـ العباسي حتى نهاية خلافة المأمون(132-217هـ/750-833م)، دمشق.

الشاشي، محمد بن أحمد بن الحسين بن عمر، فخر الإسلام، المستظهري الشافعي (ت: ٥٠٧ هـ)، (1980)، حلية العلماء في معرفة مذاهب الفقهاء، مؤسسه الرسالة، بيروت

إبن شداد: عزالدين محمد بن على بن إبراهيم (ت:684هـ/1285م)، (1431هـ)، الاعلاق الخطيرة، المكتبة الشاملة.

الاصطخرى، إبراهيم بن محمد الفارسى (ت:بعد 340هـ/951م)، (2004).، المسالك والممالك،دار صادر، بيروت

الصفدى، صلاح الدين خليل بن أيبك، (ت: 764هـ/1363م)، (2000)، الوافى بالوفيات، دار إحياء التراث ، بيروت.

الطبرى، ابو جعفر محمد بن جرير(ت:310هـ/923م)، (1969)، تاريخ الطبرى(تاريخ الرسول والملوك)، دارالمعارف، القاهره.

إبن العديم: أبو القاسم كمال الدين عمر بن احمد بن هبة الله الحلبى (ت: 660هـ/١٢٦١م)، (٢٠١٦)، بغية الطلب في تاريخ حلب، دار الفكر، لندن.

ابن عد ربه: شـــهاب الدين أحمد بن محمد بن عبد ربه ابن حبيب ابن حدير بن ســـالم المعروف بابن عبد ربه الأندلسيـــ (ت: ٣٢٨هـ/940م)، (1404هـ)، العقد الفريد، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن عبد البر، أبو عمر يوســف بن عبد الله بن محمد القرطبي(ت:463هـ)، (1992)، الاســتيعاب في معرفة الأصـحاب، دار الجيل، بيروت.

ابن عساكر، أبوالقاسم على بن الحسن (ت:571هـ/1175م)، (1995)، تاريخ دمشق، دار الفكر ، بيروت.

الفارقي، أحمد بن يوســـف على بن الازرق(ت:577هـ/1181م)، (2017)، تاريخ ميافارقين و آمد، تحقيق فوزية يونس فتحاح، مطبعه هيڤى، اربل.

الفسوي، أبو يوسف يعقوب بن سفيان(ت: ٢٧٧ هـ/890م)، (١٩٧٤)، المعرفة والتاريخ، مطبعة الإرشاد ،بغداد.

ابن الفقيه: أبو عبد الله أحمد بن محمد بن إسحاق الهمداني المعروف بابن الفقيه (ت: ٣٦٥هـ/ 975)، (١٩٩٦)،

البلدان، عالم الكتب، بيروت.

ابن فضـــلان، أحمد بن العباس بن راشـــد ابن حماد (ت: بعد ٣١٠هـ/922م)، (2003)، رحلة ابن فضـــلان إلى بلاد الترك والروس والصقالبة، دار السويدي، ابو ظبي.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت:682هـ/1283م)، آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت.

القطيعى: عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شـمائل القطيعي البغدادي، الحنبلي، صـفي الدين (ت ٧٣٩هـ/1339م)، (١٤١٢ هـ)، مراصـد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، دار الجيل، بيروت.

قدامه بن جعفر، ابوالفرج قدامه بن جعفر بن قدامه (ت:337هـ/949م)، (1981)، الخراج وصـــناعه الكتابه، دار الرشـــيد للطباعه بغداد.

القلقشندي: أحمد بن علي بن أحمد الفزاري القلقشندي (ت: 821هـ/ 1418م).

صبح اعشى في صناعة انشاء، دار الكتب العلمية، (بيروت:1987).

الكلبي: أبو المنذر هشام بن محمد بن السائب الكلبي (ت: ٢٠٤ هـ/817م).

جمهرة النسب، عالم الكتب، (بيروت١٩٨٦).

نسب معد واليمن الكبير، مكتبة النهضة العربية، (١٩٨٨).

ابن المستوفى، شرف الدين المبارك بن أحمد الاربلى(ت:637هـ/1239م)، (1980)، تاريخ أربل، دار الرشيد للنشر،بغداد.

المسعودى: ابو الحسن على بن الحسين بن على (ت:346هـ/957م)، التنبيه والاشراف، دار الصاوى، القاهرة.

المقدسي:ابوعبدالله شـمس الدين محمد البشـاري(ت: 380هـ/990م)، (1991)، أحسـن التقاسـيم في معرفة الأقاليم، دار صـادر، ليدن

ابن مسكويه: ابو على أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: 421هـ/1030م)، (2000)، تجارب الامم، دار الكتب السروش، طهران

إبن منظور: محمد بن مكرم بن على أبو الفضـــل، جمال الدين (المتوفي: 711هـ/1311ز)، (1414هـ)، لســـان العرب، دار صـــادر ،بيروت.

مؤلف مجهول(ألف كتابه سنه 372هـ/982م)، (1423هـ)، حدود العالم، الدار الثقافيه للنشر، القاهره

ابن ناصر الدين، محمد بن عبد الله الدمشقى(ت: 842هـ/1438م)، (1993)، توضيح المشتبه، ت: محمد نعيم العرقسوسى، مؤسسه الرساله، بيروت.

النويرى، شـــهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب، (ت:733هـ/1333م)، (1432هـ)، نهايه الارب فى فنون الآدب، دارالكتب والوثائق العلمية، القاهرة.

الهمدانى، الحسن بن أحمد بن يعقوب(ت:334هـ/946م)، (١٨٨٤)،صفه جزيره العرب، مطبعة بريل، ليدن.

إبن هيشـــام، عبدالملك بن أيوب الحميري(ت: 213هـ/ 828م)،(1347هـ)، التيجان في ملوك حمير، مركز الدراســـات والأبحاث اليمنية، صنعاء.

ياقوت الحموى، ياقوت بن عبدالله الرومى(ت:626هـ/1229م)، (1995م))، معجم البلدان، دار صادر،بيروت.

اليعقوبى، أحمد بن إسحاق بن جعفر (ت: 293هـ/906م)، (1425هـ)،تاريخ اليعقوبى، مطبعه شريعت ،قم المقدسه.

اليعقوبى، (١٩٩٦)، كتاب البلدان، دار الكتب،بيروت.

چلبي، روندك جبار چلبى، (2013م)، الكرد والحمدانيون(254-414ك/868-1023م)، الاكادميه الكردية، مطبعة حاج هاشم، اربيل.

خۆشناو، سلام حسن طه، (2006)، جزيرة ابن عمر(بۆتان) في القرنين السادس والسابع الهجرين الثاني عشرـ والثالث عشرـ الميلادين، مديريه مطبعة الثقافة، هولير.

طه، صلاح الدين أمين ، (:1399/1979هـ)، الحياة العامة في ارمينية، رسالة دكتورا، جامعة بغدا(بغداد).

السليمان، عبدالماجود احمد، الموصل فى العهدين الراشيدى والاموي، مكتبه البسام، موصڵ، (1985).

النقشبندى، حسام الدين على غالب، (1975)، أذربـــيجان فى العصرـ السلجوقى، مؤسسة ژين (السليمانيه: 2012)، الكرد فى الدينور وشهرزور، رساله ماجستير، جامعه بغداد، بغداد.

تۆفيق، زرار صديق، (2020)، كوردو كوردستان له ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی(16-656ك/637-1258ز)، چاپخانەی ماد، تاران.

یاسین، همزه کاکە، (2010). حلوان لە سەردەمی خیلافەتی عەبباسی، نامەی ماستەر- بڵاو نەکراوە، زانکۆی صلاح الدین.

**پەراوێز**

(i)ڕستاق وشەی فارسی بە عەرەبی کراوە و واتا گوندەوارو دێهات. الجوهري، الصحاح، (بيروت:1987)، 1481/4، ابن منظور، لسان العرب، (بيروت:1414هـ)، 116/10.

(ii)دواتر (مرج القلعة و قصر اللصوص) پێناسە دەکرێن.

(iii)فيها خرج الرشيدلى مرج القلعة يرتاد منزلا، وكان قد استوخم بغداد، فلما نزل مرج القلعة، مرض فعاد إلى بغداد»، ابن الجوزي، المنتظم، 343/8، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، 437/12.

(iv) قەندریە شارۆچکەیەك بو، لە ئازربیجان، (المقدسي) ئەڵێ، کوردەکان بنیاتیان نا. المقدسي، أحسن التقاسيم، ص377.

(v)ناوی ئەم گوندە بە سپیەتی ماوەتەوە.

(vi) بۆ پتر یێزانین، بڕوانە سلام حسن طه، جزيرة ابن عمر، ص28.

(vii) بڕوانە ف،ف، مينورسكي، الأكراد، (بغداد:1968)، ص14.

(viii)یەکێکە لە گوندەکانی هەرێمی جەزیرە، و کەوتۆتە سنوری (ديار ربيعة)،کە شەش فرسەنگ/28کم لە بقعید و نۆ فرسەنگ/43کم لە نصیبین دورە. ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص95؛ الهمداني، صفة جزيرة العرب، ص133، ابن حوقل، صورة الأرض، 221/1.

(ix)جێی داخە لە چوار یان پێنج بەرگی ئەم مێژوە تەنها بەرگی دوەم و بەرگی پێنجەم ماون و ئاشکرایە ئەم زانیاریانەی، کە وا (ابن

خلكان) لێی وەرگرتوە، لە بەرگە فەوتاوەکانی بوە.

(x) یەکێکە لە گوندەکانی سنوری موصل لە هەرێمی جەزیرە، کە دوری لە موصل حەوت فرسەنگ/33کم وە، دوازدە فرسەنگ/57کم، لە (أذرمة یان أدرمة) دورە، هەروهها نۆ فرسەنگ/ 43کم، لە نصیبین دورە. و لەگەڵ هەر یەکە لە (نصیبین، دارا و کفرتوثا) ناوی هاتوە. ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص95؛ ابن حوقل، صورة الأرض، 22/1؛ الادریسي، نزهة المشتاق، 660/2.

(xi)شاری الحسنیة، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری (موصل)، دوری نێوان شارەکەو جەزیرەی (ابن عمر)، دو ڕۆژە ڕێیە. الحازمي، الأماكن، ص349؛ یاقوت الحموي، معجم البلدان، 260/2.

(xii) لە کۆندا (اردمشت) بوە و ناوی ئێستای بۆتە کواشت. الزبیدي، تاج العروس، 370/17.

(xiii) (ناصر الدولة)، ناوی حەسەنە، کەچی یاقوت کردویەتی بە ئەحمەد.

(xiv)ناوبراو لە دواین ساتەکانی دەوڵەتی ئومەوی بەرپرسی شاری الرها بوەو لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی عەباسیەکان دژیان وەستاوەتەوە

(xv)بروانە: روندك جبار، الكرد والحمدانیون(اربیل: 2013)،، ص201.

(xvi)لە سەرچاوەکاندا بە (مرج الموصل) ناوی هاتوە، کە کەوتۆتە ناوچەییەکی بەپیت، لە نێوان چەند چیایەکی ڕۆژهەڵاتی شارەکە و بە ناوچەییەکی باش و فراوان هاتوە و ناونانیشی بە(مرج)، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گوایە مەڕو ماڵاتی حەزرەتی(سلیمان بن داود)ی لێ لەوەڕاوە و دوعا بەپیتبون و بەرەکەتی بۆ کردوە، تا بەو ئاستە گەیشتوە، هەروەها بە پێی ئەوەی لە ناساندنێکی تردا، لەگەڵ ئەوەی باس لە فراوانی سنورەکەی کراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە چەندین گوند لە خۆ دەگرێت، یاقوت الحموي، معجم البلدان، 101/5؛ ابن ناصر الدین، توضیح المشتبه،(بیروت: 1993), 107/8.

(xvii)بریتیە، لە پردی بەردینی کەوانەدار.

(xviii) لە پرد بچوك ترە و بە شێوەیەکی کەوانەدار(مقوس)، لەسەر زێ یان ڕوبار بنیات دەنرێت. الحمیري، شمس العلوم،(بیروت: 1999)، 5643، ابن بطال، النظم المستعذب،(المكة المكرمة: 1991)، 88/2، البعلي، المطلع، (د.ت: 2003)، ص260.

(xix)(النعمان بن المنذر)، یەکێکە لە سەرکردەکانی (المناذرة)، کە لە عەرەبی عەدنانییە و دەگەڕێتەوە سەر نەوەی (بن قنص بن معد)، لە کاتی فەتحی عێراق، کە خەلیفە عومەر، چۆتە حیرە، زانیاری لەسەر نەسەب و بنەماڵەکەی هەبوە، ئەمەش بە بیستنی لە خەلیفە ابوبکری صدیق. ابن هیشام، التیجان،(صنعاء: 1347ه), ص222، 315،ابن سعد، طبقات الكبیر(مصر:2001)، 38/5.

(xx)حیرە، شارێکە لە شارەکانی عیراق، کەوتۆتە بەشی ڕاستی شاری (القادسیة)، لە ناوچەیەکی فراوانی بە ئاو سەوزایی، بەهۆی خشییەوە وا باسکراوهکە ئاوهەواکەی لە شاری کوفە خۆشترە، هەروەها بە یەکێك لە دە شوێنە جوان و سەرنج ڕاکێشەکانی دونیا داندراوە و لە لایەکی تر (المقدسي) ئەم شارەی بە بەشێك لە سنوری کوفە داناوە. ابن الفقیه، البلدان، ص418، ابن حوقل صورة الأرض، 233/1، مؤلف مجهول، حدود العالم، (القاهرة: 1423ه)، ص161، أحسن التقاسیم، ص25.

(xxi)لە درێژەی هەواڵەکە هاتوە، کە لەو کاتە ئافرەتێکیان بینیوە ویستویەتی پیایدا بڕوا، کە سەرکەوتوە قاچی بەدیارکەوتوە و هەوڵی داوە بیشارێتەوە، لەو کاتەدا منداڵێکی لە کۆش بوە و کەوتۆتە خوارەوە خنکاوە، (النعمان) بەو دیمەنە زۆر نیگەران بوە و بڕیاریداوە پردێك لەو شوێنە دروستبکان، بەڵام شا خەسرەوی ساسانی ڕێگەی پێنەداوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی عەرەبەکان، لە وڵاتەکەیدا هیچ شوێنەوارێکیان نەبێ، دواتر، کە توشی کێشەی ناوخۆیی بوە هاواری بۆ(النعمان) بردو تا بە هانایەوە بچێت، ئەویش مەرجی داناوە، لەگەڵ ئەوەی نیوەی خەراجی ناوچەکە، پێویست بو ڕێگەشی پێ بدات ئەو پردە دروست بکات و ناچار ڕیگای پێدا پردەکە دروست بکات و نوعمانیش دروستی کرد و بە ناوی خۆیەو ناسرا. یاقوت الحموي، معجم البلدان، 407/4، الخزرجي، الرسالة الثانیة، ص15.

(xxii)ڕەنگە هەر قەڵای سەرماچ بێت کە ماویەیەك پایەتەختی میرانی حەسنەوی بو.

(xxiii) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژوی میافارقین بڕوانە: الفارقي، تأریخ میا فارقین و آمد، ص71-78.

(xxiv)(البندنجین)، شارێکی ناوداری سنوری عێراقە و وا باسکراوە، کە کەوتۆتە سەودای عێراق، بە لای (النهروان)، بە پێی ئەوەی کە دارستانی دارخورمای چڕوپڕی لێیە خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە، هەروەها شارەکە بازاڕی جوانی هەیە و میرو دادورانیشی لێ نیشتەجێ دەبن. البكري، معجم، ((بیروت:1403ه)، 281/1، القطیعي، مراصد الإطلاع، 225/1.

(xxv)یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا، کە سێ فرسەنگ/ 18کم، کۆشکی عەمرۆ دورە، هەروەها، سی فرسەنگ/144کم، لە حلوان دورە، سەبارەت بە ناوەکەی پێشتر (کرمانشاه) بوە و لە ئەنجامی بە عەرەب کردنی بۆتە(قرمیسین) ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص19، ابن فضلان، رحلة،(ابوظبي: 2003)، ص135، ابن عبد ربه، العقد الفرید، 281/7.

(xxvi)به (سنجار، گرد، شار يان (برية سنجار)، هاتوه، كه يەكێكه له شارەكانی هەرێمی جەزیرە، له سنوری (ديار ربيعة)، كه حەوت فرسەنگ/33كم وه 14 فرسەنگ/ 67كم، له خاپور(الخابور) دوره، به ئاخافتنێكی تر وا هاتوه، كه ئەو خەڵكانەی لەوێ نیشتەجێبون یەكەم جار به (السناجرة) ناسراون، هەر بۆیەش ناوی شوێنەكه بۆته (سنجار) ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص96، 216، 245، اليعقوبي، البلدان، ص188، ابن الفقيه، البلدان، ص177، الاصطخري، المسالك والممالك، ص73.

(xxvii)ناوی قوهستان له بنەڕەتدا (كوهستان)ەو به عەرەبی كراوه، كه كوه به واتای(چیا) دێت و (ستان) به واتای شوێن دێت. بڕوانه: السمعاني، الأنساب، 515/10، ياقوت الحموي، معجم البلدان، 416/4، إبن الأثير، اللباب، 65/3، إبن العديم، بغية الطلب، 323/5.

(xxviii) یەكێكه له شارەكانی هەرێمی چیا، كه ناوچەیەكی باش و فراوانه چەندین شارو گوند له خۆ دەگرێت و كەوتۆته نزيك(الصيمرة)، هەروەها خاوەن داهات و خێروبێری زۆره و داهاتەكەی هەزارهەزار درهەمە، سەبارەت به ناوەكەی(مهرجان)، وشەیەكی فارسیەو به مانای ئاسودەیی دەرون دێت، له ناساندێكی تردا (ماسبدال) به (مهرجان قذق) هاتوه، ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص244، قدامة بن جعفر، الخراج، ص173، المسعودي، التنبية، 44/1، وهي كورة حسنة واسعة ذات مدن وقرى قرب الصيمرة من نواحي الجبال عن يمين القاصد من حلوان العراق إلى همذان في تلك الجبال.

(xxix) یەكێكه له شاره ناودارەكانی هەرێمی چیا، كه خێرو بێری زۆری هەیەو كەوتۆته دەرەوەی سنوری عیراق و داهاتی ساڵانەی به هەزار هەزار درهەم خەمڵێندراوه، هەروەها له سەردەمی خەلیفه عمر فەتحكراوه. اليعقوبي، البلدان، ص75، 393، الاصطخري، المسالك والممالك، ص87، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر له بارەی شاری (حلوان) بڕوانه: همزه كاكه ياسين، حلوان له سەردەمی خەلافەتی عەبباسی، نامەی ماستەر- بڵاو نەكراوه، (زانكۆی صلاح الدين:2010)، ل8-10

(xxx)سەبارەت به ناوی ئازربیجان، گوایه گەڕێندراوەتەوه بۆ ناوی یەكێك له نەوەكانی حەزرەتی نوح، كه ناوی(آذربيجان آذرباذ بن إيران بن الأسود بن سام بن نوح)، هەروەها ناوی ئەو كەسه به(آذرباذ بن بيوراسف)یش هاتوه، كه له ساڵی22ك/643ز، فەتحكراوه، هەروەها به شێوەیەكی گشتی سنوری ئازەربیجان دەكەویته نێوان هەرێمەكانی چیا و جەزیره و ئەرمینیا و ئاران جیلان- گەیلان و دەریای خەزەرەوه، به ئاخافتنێكی تر له شاری زنجانەوه دەكشا تا شاری بەردەعه و دەیان شار، گوند، چیاو ڕوبار لەخۆدەگرت. ابن الفقيه، البلدان، ص581، مؤلف مجهول، حدود العالم، ص164، الاصطخرى، المسالك والممالك، ص. 91بۆ زیاتر ناسینی ئاوەدانییەكانی ئازەربیجان. بڕوانه: النقشبندى، اذربيجان فى العصر السلجوقى، ص29-64، صلاح الدين أيمن طه، الحياة العامة في ارمينية، ص25-27.